# یاسـای خانەنشـینی خاوەن وەزیفە باڵاکانی هەرێمی کوردسـتان ژمارە 36ی ساڵی 2004[1]

**مادەی یەکەم:**

**ئەم یاسایە، ئەم ناونیشانە وەزیفییانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:**

1 – بریـکاری وەزارەت، 2 – پارێـزگار، 3 – راوێـژکار، 4 –بەڕێوەبەری گشـتی، 5 – شـارەزا، 6 – سـەرۆکی زانکۆکان و دەسـتەی پەیمانگاکانی هونـەری و ئەندامانی دەسـتەی وانەبێژی زانکۆ و پەیمانگـەکان، ئەوانەی پلـەی پرۆفیسـۆریان هەیـە، 7 – خـاوەن پلە تایبەتەکان، 8 – سـەرۆک و ئەندامانی کۆڕی زانیاری کوردستان.[2]

**مادەی دووەم:**

ئەوانەی لە سـەروە ناوبراون، تەمەنیان بگاتە 65 ساڵ خانەنشین دەکرێن و لـە حاڵەتـی ئەوپەڕی پێویسـتدا لە سـەر داوای وەزیـری پەیوەندیدار، ئەنجوومەنی وەزیران بۆی هەیە خزمەتیان بۆ ماوەی 3 ساڵ درێژ بکاتەوە، دوای ئەو ماوەیەش چار نییە و دەبێ خانەنشین بکرێن.

**مادەی سێیەم:**

1 – ئەوەی بە پێی ئەم یاسـایە خانەنشـین بکرێت، مووچەیەکی خانەنشینی پـێ دەدرێـت بە رێـژەی 50 %ی دوایـین موچەو دەرماڵەکـەی و بۆ هەر سـاڵێک لە ساڵەکانی خزمەتیشی لە وەزیفە ناوبراوەکانی سەرەوەدا رێژەی 5 % بـۆ مووچە خانەنشـینییەکەی زیـاد دەکرێت، بـە مەرجێک مووچەی

**(1) تکایە بڕوانە ڕێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێم ژمارە 12ی ساڵی 2011 سەبارەت بە جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە.**

**(2) لە ئێستادا تەنها ناونیشانی (شارەزا) بەم یاسایە خانەنشین دەکرێن چونکە ناونیشانەکانی سەرەوە یاسای تایبەت بەخۆیان دەرچووە بۆ خانەنشینی لە دوای ئەم یاسایە.**

خانەنشینییەکەی لە ڕێژەی (75 % دوایین مووچە و دەرماڵەی تێپەڕ نەبێت).

2 - ئەوانــەی کــە ئەم یاســایە دەیانگرێتــەوە و بە هۆکاری تەندروســتی خانەنشــین دەکرێــن یــان کۆچی دوایــی دەکەن، ڕێــژەی 75 %ی دوایین مووچــە و دەرماڵی پێ دەدرێت، بــە بێ گوێدانە ماوەی خزمەتە فیعلیەکەی لەو وەزیفانەدا.

**مادەی چوارەم:**

ئەگەر کەســێک لەوانەی لە مادەی یەکەمی ســەروەدا هاتوون، خانەنشــین بکرێــت، ئــەوا سەرپشــک دەکرێــت کــە بــە پێــی ئــەم یاســایە مووچەی خانەنشــینییەکەی وەربگرێــت یــان بە پێی یاســایەکی خانەنشــین دیکە کە بیگرێتەوە.

**مادەی پێنجەم:**

ئەوانەی بە پێی ئەم یاســایە خانەنشــین دەکرێن، دەرماڵەی هاوســەری و منداڵانیان بەر دەکەوێت و ئەوا بە پێی ئەو ڕێژانە پێیان دەدرێت کە لە یاسا کار پێکراوەکاندا هاتووە.

**مادەی شەشەم:**

ئەوەی خانەنشــین بکرێت، بارتەقای کۆی مووچە و دەرماڵەی 6 مانگی پێ دەبەخشــرێت بە پێوانەی دوایین مووچە و دەرماڵەکەی، ئەو بەخشــە لە هەرێمدا تەنیا یەک جارە.

**مادەی حەفتەم:**

مافــی خانەنشــین دوای مردن بــۆ میراتگرە، ئــەو میراتگرانــەش کە مافی خانەنشینیان بەر دەکەوێت بە پێی حوکمەکانی یاسای خانەنشینی شارستانی ژمارە 33ی ساڵی 1966ی هەموار کراو و ئەو بڕیارانەی کە لەم بارەیەوە

دەچوون، پێیان دەدرێت.

**مادەی هەشتەم:**

**ئەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا لە مافی خانەنشین بێبەش دەکرێن:**

1 – ئەگـــەر تاوانێکـــی کرد بێت زیانی بە ئاسایشـــی هەرێم یان بە ئابووری نیشتیمانی گەیاند بێت.

2 – ئەگەر بە کەتنێک یان بە تاوانێکی ئابڕووبەر حوکم درا بێت.

3 – ئەگەر لە سەری  ساغ بووبێتەوە کە بە ئەنقەست زیانی بە بەرژەوەندی هەرێم گەیاندووە لەگەڵ دەوڵەتێکی بیانیدا دەستی تێکەڵ کرد بێت.

**مادەی نۆیەم:**

1 – راگیراوەکانـــی خانەنشـــینی لـــەو کەســـانەی حوکمەکانی ئەم یاســـایە دەیانگرێتەوە بە پێی ئەو رێژانەی دادەشکێندرێن کە لە یاسا کار پێکراوەکاندا هاتووە.

2 – راگیراوەکانی خانەنشـــین، ماوەی پێش بەکارخســـتنی حوکمەکانی ئەم یاســـایە، هەمووی بەســـەر یەکەوە دادەشـــکێندرێن یان دەکرێن بە پشـــکی مانگانە، بە مەرجێک لە ساڵێک زیاتر نەبێت.

**مادەی دەیەم:**

ئەوانـــەی حوکمەکانی ئەم یاســـایە دەیانگرێتەوە مافـــی ئەویان هەیە بە پێی حوکمەکانی یاســـای ژمارە 33ی ســـاڵی 1966 لە هەر کەم و کورتییەکی مافی خانەنشینی خۆیان پەڵپ بگرن.

**مادەی یازدەم:**

ئەوانــەی لــە لایەن حکومەتــی هەرێمەوە بەر لــە دەرچوونی ئەم یاســایە خانەنشــین کراون و بەر مادەی یەکەمی ئەم یاسایە کەوتوون حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە و مووچەکانیان لە ڕۆژی بەکارخستنی ئەم یاسایە هەموار دەکرێت.

**مادەی دوازدەهەم:**

هەر دەقێک پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت کاری پێ ناکرێت.

**مادەی سێزدەهەم:**

پێویســتە لە ســەر ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان حوکمەکانی ئەم یاسایە بخاتە کار.

**مادەی چواردە:**

ئــەم یاســایە لــە ڕۆژی بڵاو کردنەوەی لــە وەقایعی کوردســتان جێبەجێ دەکرێت.[1]

**(1) لەرۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە 49 لە 2004/9/4 بلاو کراوەتەوە .**